# سکرتێری حزب پێشوازی لە شاندێکی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان دەکات



کـــاتژمێر17ی ڕۆژی 16-4-2009 هـەڤـاڵ ڕێـکـار ئـەحـمـەد سـکـرتێری گـشـتی حزبـی ڕزگـاریی کوردسـتان، لـە بـارەگـای تایبـەتـی خۆی لە شاری هەولێر پێشوازی لە شـانـدێکی بزووتـنـەوەی دیـمـوکراتی گەلی کوردستان کرد کە پێکهاتبوو لـە بـەڕێـزان مـام خـدر روسـی سکرتێری گشتی و بەڕێزان خەلیل باپیرو خەلیل مەحمود ئەندامانی سـەرکردایـەتـی بزووتـنـەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، ئەوسا لـە دیـدارێکی برایانـەدا بـاس لـە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، هـەروەهـا ئامـادەسـازیەکـان بـۆ هەڵبژاردنی پەرلـەمـانی کوردستان خرایـە بـەربـاس و لێکۆڵیـنـەوە، هـەردولا هاوڕامـان بـوون کـە فـرە لیستی جۆش و خرۆشێکی باشتر بە پرۆسـەی هـەڵبـژاردن دەدات، بەوهۆیەشەوە ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لـە هـەڵبژاردنـەکـان ڕاگەیاند و هیوایان خواست خـەڵک بـە پـەرۆشـەوە بچنـە سـەر سـەندوقـەکـان و دەنگی خۆیان بە نوێنـەرەکان و لیستە دڵخوازەکانی خۆیـان بـدەن و ڕێگـە نـەدەن کـە دەنگیان بفەوتێ.

لـە تـەوەرێکی دیکـەدا باس لـە کـۆنگرەی بزووتـنـەوەی دیمـوکراتی گەلی کوردستان کرا کە بڕیاروایە ڕۆژی هـەیـنـی 2009-4-24 لـە شـاری هـەولێـر بـەڕێـوەبچـێ، بەوهۆیەشەوە هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد بە ناوی خۆی و لە جیاتی هـەڤاڵانی حزبـی ڕزگـاریی کوردسـتـانەوە پیرۆزبـایی لێکـردن و هیـوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

# سکرتێری حزبی ڕزگاریی کوردستان سەردانی ڕێزدار شێخ ئەدهەم بارزانی دەکات



کـاتژمێر 11ی ڕۆژی 14-4-2009 هـەڤـاڵ ڕێکـار ئـەحمـەد سـکرتێری گـشتی حزبمـان، حزبـی ڕزگـاریی کوردسـتان بـە یـاوەری هـەڤـاڵ هـەژار زراری ئـەندامی کۆمیتەی ناوەندی سـەردانی بەڕێز شێخ ئەدهەم بارزانی، کـەسـایەتـی ناوسـراوو ئـەندامی پێـشووی پـەرلـەمـانی کوردستانی کرد لە هاوینەهەواری سەلاحەدین.

بەڕێز شێخ ئەدهەم بارزانی بەگەرمی پێشوازی لە هـەڤـاڵان کـرد، ئـەوسـا لـە دیدارێکدا بـاس لـە ڕەوشـی هەنووکەیی کوردستان کرا.

هـەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد لەلایـەن خۆیەوە ئاماژەی بەو هەڵوێستانە کرد کە بەڕێز شێخ ئەدهەم بارزانی لەماوەکانی ڕابردوودا لـەنێو پەرلـەمانی کوردستاندا پێشانی دابوون، بەتایبەتیش هەوڵدان بۆ ناساندن و ریسواکردنی ئەو کۆنە بـەعـسیانەی کـە خۆیـان خزاندۆتـە نێـو دامـودەزگـەکـانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەلایەن خۆشیانەوە شێخ ئەدهەم بارزانی ئەمەی بە ئەرکی هەموو پێشمەرگەیەکی دێرین و کوردپەروەرێک زانی، هیواشی خواست کە حکومەت لەو بارەیەوە هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە و پاکسازی بکات.

# شاندێکی حزبی ڕزگاری سەردانی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا دەکات



کـــاتژمێر 15ی ڕۆژی 20ی نیسان هـەڤـاڵ ڕێـکـار ئـەحـمـەد سـکرتێری گـشتی حزبـی ڕزگـاریی کوردسـتـان بـە یـاوەری شـانـدێک سەردانی نووسینگەی سلێمانی پارتی یەکێتـی کـورد لـەسوریای کـرد و لایەن بەڕێز کاک عەبدولباقی یوسف ئەندامی لیژنەی سیاسی و ژمارەیەک لە ئەندامانی نووسینگەی سلێمانی پارتی یەکێتی کورد لە سوریا بە گەرمی پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان بە تایبەتیش ئـەو گوشـارانەی کـە ئێستا ڕژێمـی سوریا لە کورد دەیکات، کرا.

بەڕێز کاک عەبدولباقی یوسف لـەلایـەن خۆیـەوە ئامـاژەی بـەو پـەیوەندیانە کـرد کـە پارتـەکـەیان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستانی بـەتایبـەتـیش لـەگـەڵ لایـەنـەکانی باشـووری کوردسـتاندا هـەیانـە. هەروەها شاندەکەی حزبی ڕزگاریی کوردسـتانیش جـەختیـان لـە سـەر گرنگی پـەیوەندی نێوان خۆیان و پارتی یـەکێتـی کـورد لـە سـوریا کردەوە، ئەوەشیان وەبیر هێنایەوە کە ئەوان هەردوکیان ساڵانیکی درێژ بەیەکەوە لە ناوەندی سەربەخۆیی کوردسـتـان کاریـان کـردوە، هاوخەبات و هاوسەنگەربوونە.

لەتەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لـە هـەڵبژاردنـی پـەرلـەمـانی باشـوری کوردسـتان کـرا کـە لـە داهـاتوێکی نزیکدا بـەڕێـوەدەچـێ، هـــەردولا هـــاوڕابوون کـــە هەلبژاردنەوەی پەرلـەمان سەنگ و پێگەی هـەرێمی کوردستان و دۆزی نەتەوەکەمان بەهێزتر دەکات.

# بەشێک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە باشووری کوردستان بنەماکانی ئازادیە ڕۆژنامەوانییەکان پێشێل دەکەن

کۆمیتـەی بـەرگـری لـە ڕۆژنامـەوانـانی کوردسـتان بـە نیگـەرانییـەوە سـەیـری هـەڵسوکەوتـی بـە شێک لـە ڕێکخـراوەکـانی مـافی مـرۆڤ لـە باشووری کوردستان دەکات بە تایبـەت ئـەوانـەی پـەیوەندیان بە چـەنـد دەزگـا و ماڵپـەڕی ڕاگەیاندنەوە هەیە. ژمارەیەک لە ئـەندامان و بـەڕیوەبـەرانی ئـەو ڕێکخراوانە فشارێکی توندیان لە سـەر ماڵپـەڕەکـان و دەزگاکـانی ڕاگـەیانـدنیان داناوە بـۆ ئـەوەی بـەیاننامـەکـانی ڕێکخـراوەکـانی هاوچەشن بڵاونەکەنەوە هـەروەها فـشار لـەسـەر ماڵپـەڕەکـان و خاوەنـەکانیان داناوە بـۆ ئـەوەی بابـەتـی ڕەخنـە ئـامێز لـە ڕێکخـراوەکانیـان یـان لـە ئەندامەکانیان بڵاونەکەنەوە.

ئێمە لەم ڕاگەیاندنەدا ئاگاداری ئەو ڕێکخراو و بەپرسانە دەکـەینـەوە ئـەگـەر بێت و ئـەوان بەردەوام بن لـە سـەر فشار دانان و تـەلـەفـۆن کـردن بـۆ ماڵپـەڕەکـان و دەزگاکـانی ڕاگـەیـانـدن بـۆ ئـەوەی بەیاننامـەکانی ڕێخراوەکانی تـر یان خـەڵکانی تـر بڵاونـەکـەنـەوە، ئـەوە کۆمیتـەی بـەرگـری ناچـار دەبێـت نـاوی ئـەو کـەس و ڕێکخراوانـە بڵاوبکاتـەوە کـە ئـەو کـارە دەکـەن هــەروەهــا نــاوی ئــەو ماڵپــەڕ و ڕۆژنامانــەش بـڵاودەکـەینـەوە کـە ئەوان پەیوەندیان پێیانەوە کردوە بۆ ئـەوەی بابـەتـەکـان و بـەیاننامـەکـان بڵاونەکەنەوە یانیش بابەت لە سـەر ماڵپـەڕەکانیـان لابـەرن بـە بیـانۆی جیاجیا.

ئەوەی نیگەرانی لامان دروست کردوە ئەوەیە کە خودی ئەو کـەس و ڕێکخراوانــەی دەیانــەوێــت دەزگاکـانی ڕاگـەیانـدن بـەیاننامـە و بابەتەکانی کەسانی تر بلاَونەکەوە، ئـەوانـەن کـە بـەنـاو داکـۆکی لـە ئازادیە ڕۆژنامەوانیەکان کاردەکەن و لـە ناو گرۆپـەکانی داکۆکیکردن لـە ڕۆژنامـەوانـان و مـافی مـرۆڤ جێ دەگرن .

کۆمیتـــەی بـــەرگـــری لـــە ڕۆژنامەوانانی کوردستان داوا لەو کـەس و ڕێکخراوانـە دەکـات واز لەو دیادەیە بێنن و چیتر ئازادی ڕۆژنامەوانی پێشێل نەکەن.

ئێمە وەک کۆمیتەی بەرگری لـە ڕۆژنامـەوانـانی کوردسـتان ناتوانین چاوپۆشین لە هەر کەس و لایـەنێک بکەین کە پێشێلکاری لە یاساکانی ڕۆژنامەوانیدا دەکات چ لـەنـاو دەسـەلاَتـدا یـان لـە دەرەوەی دەسەلاَتدا بن .

**کۆمیتەی بەرگری لە**

**ڕۆژنامەوانانی کوردستان**

2009-04-23

# مەکتەبی سیاسی پیرۆزبایی لەچاکسازی تورکمان دەکات

دوێنـی شـەممـە 2009-4-25 بـەبۆنـەی چـوارەمـین سـاڵیادی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان، مەکتەبی سیاسی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبـایی بـۆ مـەکتـەبـی سیاسـی بزووتـنـەوەی چاکـسازی تورکمـان نـارد و هیـوای پێـشکەوتنـی بـۆ خواسـتن، هـەر بـەو بۆنـەیـەشـەوە شـاندێکی سـەرکردایـەتی سـەردانی بـارەگـای مـەکتـەبـی سیاسـی بزووتـنـەوەی چاکـسازی تورکمـانی کرد.

ئەمەش دەقی ئەو پەیامەیە کە مـەکتـەبی سیاسی حزبمـان، حزبی ڕزگاریی کوردسـتان بۆ مـەکتـەبی سیاسـی بزووتـنـەوەی چاکـسازی تورکمان ناردویەتی: 'لەپێوەند بە چوارەمین ساڵیادی ڕاگـەیاندنی بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان بـەنـاوی خۆمـان و لـە جیـاتی هـەڤاڵانمـان لـە سـەرکردایـەتـی حزبـی ڕزگـاریی کوردسـتاندا جوانترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیـوای سـەرکـەوتنیـان بـۆ دەخوازین.

بەڕێزان! چەندین سەدەیە کە نـەتـەوەی تورکمـان لـەتـەک نەتەوەی کورد دا لە باشووری کوردسـتاندا دەژی، لـەو ڕێگەیەشەوە پەیوەندییێکی گیانی و مێژوویـی و بـەرژەوەنـدی هاوبـەش لـەنێوانیانـدا دروسـت بـووە، بۆیـە ئێـستا ئـەرکـی سەرشانی هەموو نەتەوەکانە کە بۆ سەرخستنی ئەزموونی هەرێم و بـەرەوپێـشەوەبـردن و گەشەپێدانی کار بدەین، نیشتمان ماڵی هـەموومانـەو بـەیـەکـەوەش دەتوانین ئاوەدانی بکـەینـەوە. بە یەکخستنەوەی نێو ماڵی خۆمان و پتـەوکردنـی پـەیوەنـدی نێوان هێـزە سیاسـیەکـانی دەتـوانین ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەیی نیشتمانەکەمان مسۆگەر بکەین.

# چەند کەسێک دەسووتێن

ڕۆژی 2009-4-19 ژنێکـــی تەمـەن 30 ساڵ دانیشتووی شاری قەلادزی بەناوی ( ئا.سا.رە) بەهۆی ئەوەی لەگەڵ مێردەکەی دووچاری دەمەقاڵێ دەبێتەوە، ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو ژنە کێشەی خیزانی لەگەڵ مێردەکەیدا هەبووە، بۆ دەربازبوون لە کێشەکان پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات، ڕۆژی 19ی نیسان ئاگر لەجەستەی خۆی بـەردەدات، خـزم و کـەسـانی بـەهاوارایـەوە دەچـن و دەیبـەنـە نـەخۆشخانە بەڵام دوای دوو ڕۆژ و لـە 21ی نیسان گیـان لـەدەسـت دەدات.

ڕۆژی19ی نیسان ژنێکی تەمەن 21ی ساڵی، دانیشتووی ئۆردوگەی شـاوێس بـەنـاوی (ئـە.ئـە) لـەبـەر هـەبوونی کێشە پـەنـای بـۆ خـۆ سـووتاندن بـردوەو ئـاگری لەجەستەی خۆی بەرداوە.

ئـەو قوربانیـەش ڕەوانـەی نـەخۆشـخانە دەکـری، بـەڵام دوای سێ ڕۆژ تلانـەوە کـە نـەخۆشـخانە، ڕۆژی 22ی نیسان گیان لـەدەسـت دەدات و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

ڕۆژی 18ی نیـسان ژنێکـی دانیشتووی گوندی (کـە..) ی سـەر بـە دەڤـەری باڵـەکایـەتـی بـەنـاوی (نا.سا) خۆی دەسووتێنێ.

هەرچەندە هۆکاری خۆسوتاندنی ئەو قوربانیە نەزاندراوە، بەڵام لابـەلا باس لـەو کێشانە دەکری کە بـۆی دروست کراون، بۆیە ئەویش بـەرگـە ناگرێ و ئاگر لـە جـەستەی خۆی بەردەدات.

ڕۆژی 22ی نیـسان پیـاوێکی تەمەن 31 ساڵ، دانیشتووی شاری هـەولێر، بـەناوی (غ.م.س) لە ڕقی ماڵە خەزوورانی ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا.

پیاوە سووتاوەکە بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە لە داخی دوو برای هاوسـەرەکـەی خـۆی سـووتاندوە، چونکـە چـەنـدین جـار بـە چـەقـۆ هێرشیان کردۆتـە سـەری و داوایان لێکردوە کە ژنـەکـەی تـەڵاق بـدات، بـەڵام ئـەو ئامـادە نـەبـووە لـە هاوسـەرەکـەی جیـا بێتـەوە، بۆیـە پـەنـای بـۆ خوسـووتاندن بـردوە، بەوهۆیەشەوە سکاڵای لێکردوون.

# سوریا یادی ڕۆژنامەگەری کوردی بەربەست دەکات

ڕێکخـراوی مـافی مـرۆڤ لـە سـوریا، ڕۆژی 2009-4-24 ریانگـەیاند کـە هێـزەکانی پۆلیس و ئاسایـشی پارێزگـای حـەسـەکـە ڕێگەیان نەداوە کە ئاهەنگی ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی بکرێتەوە.

ڕێکخـراوی مـافی مـرۆڤ لـە بـەیاننامـەیـەکدا کـە لـەسـەر تـۆڕی ئینتـەرنێتـدا بـڵاوی کردۆتـەوە، نووسیویەتی کە بڕیاربوو ئاهەنگەکە لـە گونـدی گولبـستان- ی سـەر بـە دەرباسـیە بـەڕێـوەبچـێ، بـەڵام بەسەدان کەس لەهێزە ئەمنییەکان خۆیـان گـەیانـدە گونـدەکـەو تێیـدا بڵاوبوونـەوە، ڕێگـەی هـاتووچۆی گوندەکەیان بڕی ڕێگەیان نەدا کە میوانان بگەنە شوێنی ئاهەنگەکە، تـەنانـەت دەسـتیان بـەسـەر ئـەو چادرەشدا گرتبوو کە بۆ میوانەکان ئامادەکرابوو.

بـەگـوێرەی بـەیاننامـەکـەی ڕێکخـراوی مـافی مرۆڤـی سـوریا، هێـزەکـانی پۆلیس ئـەو کـەسانەیان دەسـتگیر کـردوە کـە پێـداگریان کردوەو ویستویانە خۆیان بگەیەننە شوێنی ئاهەنگەکە. هەر بە گوێرەی بـەیاننامـەکـە شـۆفیر لـەلایـەن هێـزەکـانی ئاسایـشی سـوریاوە دەسـتگیر کـراون کـە دەیانویـست خـەڵـک بـۆ شـوێنی ئاهـەنگـەکـە بگوزنەوە.

بـەگـوێرەی بـەیاننـامـەکـە ژمارەیەک نوسەر و ڕۆژنامەنووس و کـەسـایەتـی دیـاری پارێزگاکـە بانگهێشت کرابوون، بەڵام هێزەکانی ئاسـایش ڕێگـەیـان لێگـرتن و نـەیانهێـشت سـەدو یـازدەهـەمـین سـاڵیادی ڕۆژنامـەگـەری کـوردی بکرێتـەوە، بـەوهۆیـەشـەوە ڕووبەڕووی ڕق و بێزاری خەڵکەکە بوونەتەوە.

جێگەی ئاماژەیە وێڕای ئەوەی کـە دیمـەشق بـاس لـە چاکـسازی گێڕانـەوەی ناسنامە بـۆ کـوردەکـان دەکات، بـەڵام بـەکردەوە ڕێگری لە هەر مافێکی نەتەوەی کورد دەکات.